# نا بۆ هەڵاواردن، هەرگیز بۆ تووندوتیژی و ستەم!

## کۆنفرانسی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان

تووندوتیژی دژ بە ئافرەتان دیاردەیەکی جیهانییە و لە تێڕوانینی باوکسالانەوە سەرچاوە دەگرێت و کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی بە ڕێژە و ڕادەی جیاواز گیرۆدەی بوون و لایەن و هێزە پێشکەوتنخوازەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە تێکۆشانیان بەردەوامە. دیاردەی تووندوتیژی بە گشتی پێویستە هەموو ڕۆژێکی ساڵ ڕووبەڕووی ببینەوە و بۆ کەمکردنەوەی هەوڵ و تێکۆشان هەبێت، بەڵام 25 ی نۆڤەمبەری هەموو ساڵێک دەستنیشانکراوە ببێتە ڕۆژێکی سیمبۆلی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توووند و تیژی دژ بە توخمی مێینە لە هەموو جیهاندا.

لە ڕۆژی جیهانی ڕووبەڕووبوونەوەی تووندوتیژی دژ بە ئافرەتان، بە چاودێری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان، کۆنفرانسێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو جۆرێکی تووندوتیژی و ستەم و هەڵاواردن دژ بە ئافرەتان لە هەولێری پایتەختی کوردستان، لە تەلاری ئەنجومەنی وەزیران، ساز دەکرێت. ئەم کۆنفرانسە لەسەر ئاستی وەزارەت و دامودەزگا حکومییە پەیوەندیدارەکان دەبێت وەک وەزارەتەکانی: ناوخۆ، پەروەردە، مافی مرۆڤ، کاروباری کۆمەڵایەتی، تەندروستی، داد و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

ئامانج لەم کۆنفرانسە دەستنیشانکردنی ڕێژە و ڕادەی تووندوتیژییە لەسەر ئافرەتان، دیاریکردنی هۆکارەکانی و پێشنیارکردنی چارەسەری و دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی تووندوتیژی دژ بە ژنان.

## یەکسانی

## بناغەیە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی